# ڕەنگە ئەحمەدییە ی حەڵەب 1166ک
# یەکەمین ئامۆژگەی کوردی بێ لە مێژوودا



نووسینی: محەمەدفەریق حەسەن

نەقابەی وەجاخزادەکانی حەڵەب:

بەرلەوەی بێینەسەر کرۆکی باسەکە، دەبێ شتێک لەسەر نەقابەی وەجاخزادەکانی شاری حەڵەب (نقابەالاشراف)بدوێین، چونکە لەسەرجەمی ئەو کتێبانەدا، کە ئەم کورتە مێژووەیان لە بەر ڕۆشنایی نووسراوە، ناوی هاتووە. ئەم نەقابەیە بەوەی خەڵکی هانداوە چاوی لێبکەن و شوێنپێی هەڵبگرن؛ لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە کاریگەریی زۆری لەسەر ڕەوشی پەروەدە و فێرکردن جێهێشتووە و بۆتە جێی سەرنجی خەڵکی ئەوشارە. دیارە ئەندامەکانی ئەم نەقابەیە دەست ڕۆیشتوو بوون و قسەیان بڕیکردووە. ئەمەش بەسوود و بەرژەوەندیی خەڵکی شار شکاوەتەوە. مستەفای کوڕی تەها، کە ساڵی1091ک، لە حەڵەب کۆچی دوایی کردووە، نەقیبی وەجاخزادەکانی شاری حەڵەب بووە، وەچەی زۆری لێکەوتۆتەوە. نەوەکانی کەبە (تەهازادە ئال چەلەبی) ناسراون و دامەزرێنەری ئەحمەدییەی حەڵەبیش یەکێکە لەوان، بەردەوام ئەندام یان سەرۆکی ئەم نەقابەیە بوون. گەورە شاعیرانی سەردەمی خۆیان شیعری پەسەنددان و پیاهەڵدانیان بۆ نووسیون. لە مەرگیشیاندا شیوەنیان بۆ گێڕاون. ئەم بنەماڵەیە،کە بەچەلەبی ناسراون، نهۆ بەتەمەنترین وەچەیان هیشام چەلەبی ی 78 ساڵەیە، کە لە وڵاتی دانیمارک دەژی.

ئەحمەدەفەندی تەهازادە کێیە؟

قازیی ئەحمەدەفەندی تەهازادەی ناسراو بە چەلەبی، کە ساڵی 1187ی کۆچیدا لە دنیا دەرچووە، دامەزرێنەری ئامۆژگەی ئەحمەدییەیە و خانەدانێکی ئەم بنەماڵەیە. ئەم زاتە، زانایەکی بەخشندەی زانست دۆستی ئەوتۆیە، شیاوی ئەوەیە تەرجەمەی حاڵی بنووسرێ و کورد لە ئێستاو داهاتوودا بیناسێ. ئەم پیاوە کورد دۆستە ساڵی 1147ک، بۆتە سەرۆکی نەقابەی خانەدانەکانی شاری حەڵەب و شاعیر (محمد بن علي الجمالي) بە قەسیدەیەک پیرۆزبایی ئەم پلەو پایەیەی لێکردووە. ساڵی 1149جارێکی دی ئەم پلەیەی پێبەخشراوەتەوە. ناوبراو 1159بۆتە قازیی شاری قودس، پاشان لە 1163ی کۆچیدا بۆتە قازیی شاری بەغدا.

کتێبخانەی ئەحمەدییە:

ئەم پیاوە وەک بۆخۆی زانا بووە، زۆریشی ئارەزوو لە کڕینی کتێبی بەنرخ بووە. وێڕای ئەوە، بە دەستخەتی خۆی ژمارەیەکی زۆر کتێبی بەنرخی کۆپی کردووە. لە 1165ی کۆچیدا گەڕاوەتەوە بۆ حەڵەبی نیشتیمانی و لەوێ لە گەڕەکی جەللووم- محلة الجلوم- دەستی بە دروستکردنی قوتابخانەیەک کردووە، یان ڕاستتر وایە لەبەر ئەو هۆیانەی کە پاشان باسیان لێوە دەکەین بە ئامۆژگە( معهد) ناوی بێنین.. شوێنی ئامۆژگەکەش بەرامبەر مزگەوتی(بەهرامییە) هەڵکەوتووە. ناویشی ناوە ( ئەحمەدییە) و وەقفی کردووە. هەموو ئەو کتێبانەشی، کە کۆیکردبوونەوە لەوێ دایناون و ئەوانیشی دەستووری ئامۆژگەکە وەقف کردوون. وێڕای کتێب گەلێ ئامێری فەلەکیی دەگمەنیشی بۆ ئامۆژگەکەی پەیداکردووە. ژمارەی کتێبەکانیش 3000 بوون. هەمووشیان جزوبەند کراون. ئەحمەدەفەندی تەهازادە، لەیەکەم پێڕستی کتێبخانەکەیدا نووسیویتی: ئەم کتێبانە تایبەتن بە مەدرەسەی ئەحمەدییە، هیچ کەس بۆی نییە بەنیازی خوێندنەوەو ڕەنووس کردنیان لەم کتێبخانەیە بیانباتە دەرەوە. ئەوکەسەشی دەیەوێ بیانخوێنێتەوە یان لەبەریان بنووسێتەوە با لەو چوار ڕۆژەدا کە بۆ کتێب خواستن تەرخانکراون: یەکشەممە، دووشەممە، چوارشەممە و پێنج شەمموان، سەری کتێبخانەکە بدات و بە ئارەزووی خۆی بیانخوێنێتەوە یان لەبەریان بنووسێتەوە. مێژووی نووسینی ئەم تێبینییە گرنگەش: 25 ی ڕەمەزانی 1166ی کۆچییە.

ئامۆژگەی ئەحمەدییە:



ئەحمەدەفەندی تەهازادە، ناسراو بە چەلەبی، لە وەقفنامەکەیدا، ساڵی 1166ک، کۆمەڵێ مەرجی داناوە و نووسیویتی: هەرکاتێ مەدرەسەکە تووشی زیان هات دەبێ لەسەر حسابی ئەو وەقفە زۆرانەی کە هەیەتی چاکسازیی تێدا بکرێ،. هاروەها دەبێ مووچەی مامۆستا و کارمەندانی مەدرەسە، لە هامان ئەو وەقفانە دەربچێ. دەبێ پاش مەرگی، نەوەی خۆی سەرپەرشتی ئەم مەدرەسەیە بکەن، بەمەرجێ نێرینە بن. لە بریی بەڕێوەبەر یان ڕاگری ئامۆژگە، وشەی( متولي)

بەکارهێناوە. مێینەکان بۆیان نییە سەرەوکاریی بکەن. دەبێ مامۆستایانی ئەم قوتابخانەیە زانا بن و هەموو زانستە عەقڵی و نەقڵییەکانیان خوێندبێ. دەبێ مامۆستایان تەنیا و تەنیا لە کوردەکانی ئەودیو موسڵ ( ماوراء الموصل) وکۆیسنجەق و سنجەقی بابا ( صنجق بابا ) یاخود خەڵکی ناوچەی سۆران ( صوران) یان لە غەیری ئەوان، بەڵام بەمەرجێ زانای کورد بن. دیارە مەبەستیشی لە سنجەقی بابا ئیالەتی بابان یاخود ئیمارەتی بابانە، کەدروست لەو سەروبەندەدا (سەلیم پاشای بابان) لە قەڵاچوالان میر بووە، چونکە نێوبراو لە نێوان ساڵانی 1164- 1172ی کۆچیدا میرایەتی کردووە. بڕوانە:(شهرزور السليمانية. العزاوي، عباس، راجعەو علق عليه: محمد على القرداغى، بغداد،2000 ص/189). ئەحمەدەفەندی نووسیوێتی: دەبێ ڕۆژانی دووشەممە و پێنج شەمموان وانەی تەفسیر بڵێنەوە. ڕۆژەکانی دی، بێجگە لە هەینی ئەو بابەتانە بڵێنەوە کە خۆیان دەخوازن و لە نێوان زانستەکاندا هەڵیاندەبژێرن. بەرامبەر بەم ئەرکە، ڕۆژانەی بە عوسمانیی زیو بۆ دیاریی کردوون. جێی باسە بە وردیی مووچەی بۆ هەموو کارمەندانی مەدرەسەکەی دیاریی کردووە. یەکەم مامۆستای ئەم ئامۆژگەیەش کەبە فەرمانی خۆی دامەزراوە: ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی عومەری کوردیی خەڵکی کۆیسنجەقە. ئەحمەدەفەندیی تەهازادەی ناسراو بە چەلەبی دەڵی: هەرکاتێ مامۆستای یەکەمی ئەم مەدرەسەیە لەبەر هەر هۆیەک وازیهێناو دەستی لە کار کێشایەوە؛ ئەوا مەرجە و دەبێ جڵەوی وانەوتنەوە بدرێتە دەست یەکێک لەو مامۆستا کوردانەی کەباسمان لێوەکردن. وەک بە دیاردەکەوێ ئامۆژگەکە ( 10) ژووری وانەوتنەوەی هەبووە. بەم پێیە دە زانای کورد مامۆستا و دەی دیکە جێگر (معید) بوون. تەهازادە دەفەرموێ :ئەگەر لەخودی مەدرەسەکەدا کەسێکی پایەداری لەو جۆرەی باسمان کرد دەست نەکەوت، ئەوا دەبێ لە حەڵەبدا لەدووی زانایەکی کوردی لەو جۆرە بگەڕێن و کاری وانەوتنەوەی پێبسپێرن. ئەگەر شایەدا لە شاریش دەست نەکەوت دەبێ ئەو ئەندامی بنەماڵەیەی کە سەرپەرشتیی وەقف دەکات (متولي)؛ بە بریکاریی وانەوتنەوە بسپێرێتە مامۆستایەک، تاکو مامۆستایانی کوردی ئەوتۆ، کە ئەو سیفەتانەیان تیدایە دەگەنە شارەکەمان. حەزرەتی چەلەبی دەفەرموێ: دەبێ هەر مامۆستایەو (معيد) ێکی هەبێ. مۆستایان بۆ خۆیان (معيد) دادەمەزرێنن. چەلەبیش مووچەی ڕژانەیانی دیاریی کردووە. هەروەها مەرجی داناوە، کە دەبێ هەموو ئەو خوێندکارو شاگردانەی لەو دە ژوورەی مەدرەسەکەدا دەخوێنن بە نەژاد کورد بن و لە کوردەکانی ئەو دەوروبەرە بن کە باسمان کردن. نابێ کەسێکی خەڵکی ئەمشارەیان (حەڵەب) تێدابێ. مەرجە ژنیان نەهێنابێ. ئەو قوتابییەشی ژنی هێنا، ئەوا مافی خوێندنی دەفەوتێ. هەر قوتابییەکیش هەشت عوسمانیی ڕۆژانەی بووە، بەمەرجێ ئامادەی وانەکانی بێت ورۆژانە (جزمێک) قورئان لەگۆڕستانی ئەم بنەماڵەیە بخوێنێ. مەرجیشی داناوە کە دەبێ کتێبخانەکەی بەردەوام ئەمینداریکی خاوەن بڕوا بەڕێوەی ببات، تاکو کتێبەکان لە فەوتاندن بپارێزێ. دەکرێ بڵێین: ئامۆژگەی ئەحمەدیيەی حەڵەب هاوزەمانە لەگەڵ مەدرەسەی شێخ حەسەنی گڵەزەردە 1164ک و مەدرەسەی مەلامحەممەدی مەرگەیی 1167ک "بڕوانە: (شهرزور السليمانية، ص:214 و 216 ). بەڵام ئایا کام مەدرەسە لەوانەی لای خۆمان لەڕووی

بەرنامەی خوێندن و دیاریی کردنی مووچە بۆ مامۆستاو قوتابی و ژمارەی مامۆستاو هەبوونی کتێبخانەی سەربەخۆدا لەئاستی ئەحمەدییەی حەڵەب دا بوون؟

دیسان کتێبخانەی ئەحمەدییە:

محمد راغب طباخ، لەجزمی حەوتەمی کتێبەکەیدا بەناوی (اعلام النبلاء) دەڵێ: ئەم کتێبخانەیە گەورەترین و بەنرخترین نامەخانەی سەردەمی خۆی شاری حەڵەبی شەهبایە. دەستی زەمان پاراستبووی. تەنیا چەند کتێبێکی نەبێ وەک (بحر الانساب)، کە یەکێک بووە لە کتێبە بەنرخەکانی. کاتێک حاجی عبدولقادر ئەفەندی چەلەبی ئەمینداری بووە، ئەم کتێبەی بۆ( ابن الهدی افندي الصيادي) ناردووە بۆ' ئەستانە' تاکو لەوێ لەبەری بنووسێتەوەو پاشان بۆی بنێرێتەوە، بەڵام ناوبراو نەیناردۆتەوە، بەسەریدا کۆچی دوایی کردووە.

لەم دواییانەدا کتێبخانەکە بەزۆری داخراوە. ئەمیندار، کلیلەکانی داوەتە دەست کارگوزاری (خادم) مەدرەسەکە. ئەویش هەر کاتێک داوایان لێکردبێ دەرگەکەی کردۆتەوە. ئەمەش پێچەوانەی مەرجی خاوەن وەقفە، کەدەبێ لەهەفتەیەکدا چوار ڕۆژ دەرگەی ئاوەڵابێ. بۆیە کەمتر سوودی لێبینراوە. وەک پێوەستیش، لەسەر شێوەی نوێ پۆلێن و پێڕست نەکراوە، تاکو ئەم گەنجینە بەنرخە چاکتر بە خوێندەوار ئاشنابێ.

وەک هیشام چەلەبی دەڵێ: لە چلەکانی سەدەی ڕابوردوودا، کلیلی کتێبخانەکە کەوتە دەست ئەندامێکی بنەماڵەکە، کە گیرۆدەی ماددە سڕکەرەکان بوو. لە ژێرەوە دەستی بە فرۆشتنی کتێبەکان کرد. کاتێ پێمانزانی مابووەوە سەر نزیکەی (800) کتێب. ئیدی لەوەبەدوا بنەماڵەی چەلەبی بەدیاری دایانە ئەوقاف.

لە پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوودا یاسای وەقف لە سوریا هەڵوەشایەوە، خانووبەرەکان درانەوە خاوەنەکانیان. کتێبەکانیش ئێستا بەشێکن لە کتێبخانەی(ئەسەد) لە دیمەشق. ئەگەر ماڵپەڕی ئەسەد بکەیتەوە دەتوانی کتێبخانەی ئەحمەدییەش وەک بەشێک لەو نامەخانە گەورەیە ببینی. سەبارەت مەدرەسەکەش ( محمد راغب طباخ ) دەڵێ: گومانی تێدا نییە، کە خاوەن وەقف مەبەستی بووە کوردان هانبدا لە وڵاتی خۆیانەوە بێن و لێرە لەم مەدرەسەیەدا فێربن و ببنە خاوەنی زانست و بەڵگەنامە، تاکو لە وڵاتی خۆیان، یان لە شوێنانی دی زانست بڵاوبکەنەوە. بەڵام ئەوەی لەم چل ساڵەی دواییدا دیمان ئەوەبوو، کوردان لە وڵاتی خۆیانەوە ڕوویان دەکردە ئەم مەدرەسەیە و ئێرەیان دەکردە ماڵی بێکاریی و بڕێکی کەمیان، بەجۆرێکی وەها خۆیان خەریک دەکرد، کە بتوانن بچنە ڕیزی زانایانەوە و سوودیان لێببینرێ. جا چونکە خاوەن وەقف ماوەی مانەوەیانی لەم مەدرەسەیەدا سنووردار نەکردووە، دەبینین یەکێکیان نزیکەی '30' ساڵ یان زیاتریشی لیرە بەسەربرد. جگەلەوەی جێ بگرێ و تادەمرێ هەر لێرە بمێنێتەوە هیچ ئامانجێکی دیکەی نەبوو. ئەو هیچ فێر نەبوو. نە سوودی گەیاند و نەسوودی وەرگرت. بەڵکو مانەوەی لێرە، مانەوەی بوو لەسەر بێکاریی. ئیدی ڕەوتی وانەبێژیش لەم مەدرەسەیەدا تێکچوو. ئەگەرچی داهاتێکی زۆریشی لە وەقفی ئەپارتمانەکان بەروڕووکرابۆوە کەچی کاروبارەکانی بەدروستی بەڕێوەنەدەچوون. بۆیە

لەم ماوەی دواییەدا، سوودی بۆ ئوممەتەکە نەبوو، هیچ کام لە مەبەستەکانی خاوەن وەقفی بەجێنەدەگەیاند. تا وایلێهات لەبریی ئەوەی مەڵبەندی خویندن و زانست بێ، بەیانەی پەککەوتووان ناودەبرا. لەلایەکی دیکەوە، لەسەروبەندی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، ئەم ئامۆژگەیە پەکی کەوت. لەکار وەستا و بەتەواوی چۆڵ بوو، بەڕادەیەک یەک قوتابیشی تێدا نەدەبینرا، وەک شاعیر دەڵێ:

مدارس آيات خلت من تلاوته

ومهبط وحي مقفر العرصات

ئەمجا دەڵی:لەجەمادی یەکەمی1340 ی کۆچیدا، بەرانبەر کانوونی دووەمی 1922ز، کاتێ بوومە نوێنەر لەئەنجومەنی ئەوقافی دیمەشق، دۆخی ئەم مەدرەسەیەم بۆ بەیانکردن، چۆن خاوەن وەقف مەرجی داناوە، کەدەبێ مامۆستا و قوتابییانی ئەم مەدرەسەیە کورد بن و خەڵکی غەیری ئەم وڵاتەبن وموووچەی بۆ دیاری کردوون، کەچی ئەوە چەند ساڵێکیشە لەکار وەستاوە. جا لەبەرئەوەی ئەم مەرجانە، لە ئێستادا نایەنەدی، کەواتە ئامانجی خاوەن وەقفیش بەجێنایەت. ئیدی بڕیاردرا، داوا لە (متولي) ئەم مەدرەسەیە بکرێ، تا کاتی گەیشتنی ئەو جۆرە قوتابییانەی کە مەرجی خاوەن وەقفیان تێدایە، بەرەوڕووی قوتابییانی هەژاری بکاتەوە، تاکو بەپێی یاسای ئەنجومەنی باڵا مووچەیان بدرێتێ. بەڵام دیسانەوە سەرکەوتن بەدەست نەهات. چونکە خوێندن تێیدا بەبەردەوامی بەڕێوەنەدەچوو. نەشدەتوانرا کاروباری قوتابییان ڕێکبخرێ. جێی باسە بەڕێزێکی زۆرەوە ناوی گەلێ لەو زانا کوردانەی هێناوە کە لەوێدا کاریان کردووە، وەک: مصطفی الحفسرچاوي و العلامة محمد الكوردي الزعفراني و الشيخ الياس الكوردى... هتد. جێی باسە تاکو ئێستاش بینای ئەم ئامۆژگەیە، کە بە بەردی زەردی حەڵەبی دروست کراوە، هەر بە پێوە وەستاوە و (نازرێک) ئاگاداریێتی. ئەو وێنانە فۆتۆگرافییانەش، کەلەگەڵ ئەم نووسینەدان بەم زووانە گیراون. ئەوەندە هەیە تەلاری ئەم پەیمانگەیە پێویستیی بە دەست پێداهێنان و نۆژەن کردنەوە هەیە. دوای ئەم کورتە باسەی، کە بۆ یەکەمین جارە لەسەر مێژووی ئەم مەدرەسەیە دەنووسرێ؛ دەکرێ ئەحمەدییەی حەڵەب بە یەکەم ئامۆژگەی کوردیی حساب بکەین، چونکە:

یەکەم: یاساو دەستوورێکی توندوتۆڵی ئەوتۆی هەبووە زۆربەی لایەنەکانی گرتۆتەوە، وەک: ڕۆژەکانی دەوام، ژمارەی مامۆستای وانەبێژ، ژمارەی یاریدەدەر (معيد) و موچەی دەست نیشانکراوی باش و بەردەوام و لەکاتی خۆیدا و هەرکەسە بە پێی پلەوپایەی خۆی، لەمامۆستاوە بگرە تا موعید و ئەمینداری کتێبخانە و کارگوزار و بانگبێژ. وانە و پرۆگرامی خوێندن دەسنیشان کراون. ئاستی بەرزی زانستی لەلای مامۆستا و قوتابی ڕەچاو کراوە. لەپاڵ گەلێک مەرجی دیکەدا، کە دووبارەکردنەوەیان بە پێویست نازانم .

دووەم: خاوەنی بەنرخترین و زۆرترین سەرچاوەی سەردەمی خۆی بووە، کە خۆی لە 3000 کت ێبدا بینیوە، وێڕای ئامێری فەلەکی.

سێیەم: مەرج بووە هەمیشە تەواوی مامۆستایان، کوردی نیشتەجێی کوردستان بن و هەموو زانا بن و خاوەن ئاستی بەرزی زانیاریی بن.

چوارەم: مەرج بووە هەمیشە هەموو خوێندکاران کورد بن و لەکوردستانەوە هاتبن.
پێنجەم: خاوەنی بودجەی بەردەوام و سەربەخۆ بووە، بودجەکەیشی لەو وەقفە زۆرانەی ئال چەلەبییەوە بۆ دابین کراوەو بەرەوڕوو کراوەتەوە و ئەم ئامۆژگەیە دەستی لەهیچ کەس و لایەنێکی دینی و دنیایی پان نەکردۆتەوە.
شەشەم: تەلارێکی جوان و سەربەخۆی بۆ خوێندن و نووستنی قوتابییان هەبووە، تاکو ئێستاش ماوە. لەکاتێکدا مەدرەسەکانی کوردستان وابەستە، یان پاشکۆی مزگەوت و تەکێکان بوون.
ئەوەی ئاشکرایە، خانەوادەی چەلەبی کورد نین. ئەوان بەڕەگ و ڕیشە خۆیان دەبەنەوە سەر بنەماڵەی هاشمی. کاتێک لە هیشام چەلەبیم پرسی: چی پاڵی بە باپیرانییەوە ناوە ئامۆژگەیەکی وەها تایبەت بە کورد بنیات بنێن؟ ناوبراو لە دڵسۆزییانەوە بۆ کورد بترازێ هیچی دیکەی بەخەیاڵدا نە دەهات. جێی وتنە هەمیشە ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی نەقابەی خانەدانەکانی حەڵەب (نقابة الاشراف) کورد بوون. لە وڵاتی (سوریا) ی دوای عوسمانلیشدا هەندی بنەماڵەی کوردی شاری حەڵەب توانیویانە بەرزترین پلەوپایەی ڕەسمی بەدەست بێنن.
سەرچاوەکان:


* مشيخة طه أفندي طهزاده، وأجازها لولده السيد أحمد أفندي حفظه الله.
* أعلام النبلا ء، الجزء الرابع والسادس والسابع، محمد راغب طباخ.
* أتحاف فضلاء البشر فى المكتبة الأحمدية، رقم141.
* نهر الذهب في تأريخ الحلب، كامل الغزي.